# یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێشەنگی تەوژمی چاکسازی سیاسی کوردستانە

## لە دروشمەکانی (١٦) هەمینساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو

## هەنگاوە ستراتیژیەکانی یەکگرتوو لە چەند ساڵی ڕابردوویدا



عومەر عەبدولعەزیز*
هەولێر

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردووی تەمەنیدا بە ستراتیژیەتێکی ڕوونەوە کاری کردووە، کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێ بکەین:

یەکەم/ بڕوای وابوو کە خەباتی سیاسی کورد بەبێ بوونی هێزێکی ئیسلامیی میانەڕەو ناهاوسەنگە و، بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەبێ هەردوو ڕەهەندی ئیسلامیی و نەتەوەیی پێکەوە گرێ بدرێ، بەو ئیعتیبارەی زۆرینەی زۆری گەلی کورد موسڵمانە و، لەڕووی نەتەوەیی و نیشتمانیشەوە ستەمی لێ کراوە، هەڵگرتنی ئەو ستەمە ئەرکێکی بنەڕەتییە و، دواخستنی زیان بە هەردوو ڕەهەندەکە دەدا.

دووەم/ یەکگرتوو لە سەرەتای ڕاگەیاندنیەوە هەستی بەوەش کرد کە پەیامی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ڕوونی نەگەیشتۆتە ناوەندە عەرەبی و ئیسلامییەکان و، هەم لەبەر چەواشەکاری میدیای شۆڤێنی بەعس و، هەم لەبەر کەموکورتی گوتاری سیاسیی کورد، نەتوانراوە کار لەسەر ئەو ناوەندانە بکرێ، بۆیە لە سەرەتای ڕاگەیاندنی یەکگرتووەوە هەوڵی قەرەبووکردنی ئەو زیانە و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە درا و، لە کۆنگرە و کۆڕ و ناوەندەکانی دەرەوەدا سەرکردایەتی یەکگرتوو ڕووی ڕاستەقینەی کێشەی کوردی بۆ زۆرێ لەو ناوەندانە خستەڕوو.

سێیەم/ سەبارەت بە ناوخۆ و کێشەی خودی کاری ئیسلامی و ڕابوونی ئیسلامیی کوردستانیش، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەستی کرد کە چاکسازی و دەستکاریکردنێکی ستراتیژی و مەنهەجی تا دەگاتە میکانیزم و تاکتیك، پێویستە چ لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ زۆرێ لە چەمکە ئیسلامییەکان ـ کە بەهۆی کاردانەوەی هەڵەوە ـ یا لەژێر کاریگەریی حاڵەت و ڕووداوی دەرەکیدا ـ دەخوازرا بشێوێنرێن ـ بگرە زۆرێکیشیان شێوێنرابوون. چ لە ڕووی جۆری پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە، چ لەڕووی سیستمی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکە ئیسلامخوازەکانەوە، چ لەڕووی تێگەیشتن لە پرەنسیپە هاوچەرخەکانی (دیموکراسیەت) و (فرەیی) و (پێکەوە ژیان) و (نوێگەری) و هتد... کە لە هەموو ئەمانەدا یەکگرتوو ڕۆڵی کارای هەبوو لە تەرشیدی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان و، لادانی لە مەترسی ئەو پێترازان و سەرلێتێکچوونی ڕووی کردن زۆرێ لە وڵاتانی تری ئیسلامی، کە تا ئێستاش گرفتاری حاڵەتی تێنەگەیشتن و نەزانکاری مامەڵکردنن لەگەڵ ئەو چەمك و پرەنسیپ و فۆرمە فیکری و سیاسییە هاوچەرخانەدا.

چوارەم: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە ڕەهەند و باکگراوندە ئیسلامییە میانەڕەوەکەی توانی کار لەسەر عەقڵیەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش بکات، بەوەی کۆتایی بە مۆدێلی ململانێی ئایدۆلۆژیای و فکری بهێنرێ و، هەموو هەوڵەکان لە خەمە نەتەوەیی و نیشمانییەکاندا چڕ ببنەوە. یەکگرتوو قەناعەتی وابوو کە ئەولەویاتی قۆناغی ڕزگاریخوازی دەبێ خەباتکردن بێت بۆ چەسپاندنی مافە دەستورییەکان و داینکردنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و، یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییە هەنووکەییەکان لەگەڵ بەغدا و دەوروبەر، نەك سەرگەمبوون بە کێشەی فکری و تەنانەت ململانێی حیزبی، وەك ئەوەی ساڵانێکی زێڕینی ئەم هەرێمە بە شەڕی ناوخۆ ـ لە هەردوو فەترەی شەڕی گەرم و سارددا ـ پێوە کوژرا و، خوێنبەری وزە و تواناکانی کوردستان تا ئێستاش نەزیفی نەوەستاوەتەوە.

پێنجەم/ قۆناغبەندی هەنگاوە سیاسییەکان تایبەتمەندییەکی تری گرنگە بۆ کاری یەکگرتوو، بۆ کەسێ کە بەئینسافە، مێژووی حەڤدە ساڵی ڕابردووی هەڵسەنگێنێ:

یەکگرتوو لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لە کاتی قاتوقڕی و نەبوونیدا بە پشتگیری ڕێکخراوی خێرخوازی و دەسگیرۆیی هەژاران و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەستی پێکرد و، جەماوەری کوردستان شایەتیدەری ئەم ڕاستییەن.

* لە سەرەتای هەنگاونان بەرەو چوارچێوەدانان بۆ قەوارە و سیستمی دەسەڵات، یەکگرتوو ئیجابیانە مامەڵەی کرد و، لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەشداری کرد، وەك دانانێك بە پرۆسە دیموکراسییەکاندا.

* لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا پێشەنگی لیژنەکانی ئاشتی و ناوبژیوانی و، سومبولی سەربەخۆیی و پاراستنی حیاد بوو.

* لەگەڵ چالاکبوونی موعارەزەی عێراقی بۆ ڕووخانی ڕژێم لە یەکەم هەنگاوی کۆنگرەکانی ئەمریکا و بەریتانیاوە تا سلاحەدین و، تا بەشداری ئەنجومەنی حوکم و چوونە پەرلەمان و حکومەتی عێراق، یەکگرتوو هاوشان و هاوخەباتی هێزە کوردستانی و عێراقییەکان بوو.

* لە قۆناغی پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراقدا ـ کە مەترسی لەسەر هەرێم کەم بوویەوە ـ یەکگرتوو کەوتە بیری دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ هێنانەکایەی کەش‌وهەوای مەعارەزە لە کوردستان و، لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ پەرلەمانی عێراق لەو پێناوەدا قوربانیدا و، لە کوردستاندا ناچار بوو کە کەم کەم دەسەڵاتی سیاسی ڕام بێنێ لەگەڵ دەنگی موعارەزەدا.

* پاش ئەو قۆناغە و پاش هێنانە کایەی کەش‌وهەوای گونجاو بۆ دروستبوونی ڕەوتی موعارەزە و، فراوانبوونی موعارەزە ـ هەر لە میدیای ئازادەوە، تا دەنگی نارەزایی جەماوەر ـ ئێستا یەکگرتوو بەشێکی کاریگەرە لە بەرەی موعارەزە و، پێی وایە دروستبوونی بەرە فراوانەکەی موعارەزە، بە چەند قۆناغێکی سروشتیدا هاتووە و، ئەگەر بەشێکی موعارەزە کاردانەوەشی پێوە دیاربێ، بەشە سەرەکی و بنەڕەتییەکەی واقیعە و هەڵقوڵاوی حاڵەتی سیاسییە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین: یەکگرتوو ئەگەر تاکە لایەن بێ، ئەوە یەکەم پێشەنگی ئەو لایەنانەیە کە تەمەنی خۆی بە قۆناغە سروشتییەکان بڕیوە و، لە نەشونما و سەرهەڵدانیەوە تا کاملبوونی، بەبێ کاردانەوە و دوور لە کاریگەری دەرەکی و دوور لە هەوراز و نشێوی فکری و، لەسەر رایەڵەیەکی فکری سیاسی ڕۆشن و لەپێشچاوگیراو، گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بۆیە جێی هیوای ئیسلامخوازانی کوردستان و بەشێکی زۆری جەماوەری کوردستانە.

* پەرلەمانتار و سەرۆکی شورای گشتی یەکگرتوو



# وانە ئەمریکییەکان..

## گفتوگۆ و مونازەرە

(٩)



دانا نەوزەر عەلی

یەکێك لە گرنگترین ئەو شتانەی کە هەرکەسێك لە ئەمریکاوە فێر دەبێت، بریتییە لە ئوسلوبی گفتوگۆ و شێوازی مونازەرەی مەدەنیانە. ئەم بابەتە هێندە جێگەی گرنگیپێدانە لە ئەمریکا، کە مرۆڤ وادەزانێت سیستەمی خوێندنی ئەمریکی تەنها بۆ ئەوە دانراوە کە خوێندکار فێری ستایلی گفتوگۆ و قسەکردن بکات. هونەری گفتوگۆی ژیاریانە هونەرێکی ئاسان نییە و پێویستی بە خوێندن و لێوردبوونەوە هەیە. بەشێکی گەورەی ئەوەی کە ئێمە سیاسی سەرکەوتوومان کەمە، ئەوەیە کە سیاسیەکانی ئێمە نازانن چۆن بدوێن و گفتوگۆ بکەن. باشترین نموونەی سەلمێنەری ئەم قسەیەشم دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراقە، کە هەموو شتێك تیایاندا ڕوودەدات، بێجگە لە گفتوگۆ. تەنانەت هەر شێوازی دانیشتن و هەستانەوە و قسەکردنیان دوورە لە هەموو بنەمایەکی گفتوگۆی مەدەنی. پەرلەمانی کوردستان لە پۆلێکی قوتابخانە بنەڕەتیەکان ئەچێت کە خوێندکارەکانی بە سەرە دەست هەڵئەبڕن و قسەی خۆیان ئەکەن و دائەنیشنەوە. بێگومان هیچ هەڵەیەك نییە لەم شوبهاندنەدا، چونکە کێشەکە هەر لەو قوتابخانە بنەڕەتیانە و بگرە لە ڕەوزەکانەوە دەستپێدەکات.

لەنێو پۆلی قوتابخانەکانی ئێمەدا گفتوگۆ غائیبە، ئەمەیش لەبەر ئەوەی هەم ئیرادەی گفتوگۆمان نییە و هەم کەشی گفتوگۆیش فەراهەم نییە. یەکەم مەرجی گفتوگۆ بریتییە لەوەی کە دوو لایەنی سەربەخۆ و یەکسان بەشدار بن و، هیچ یەکێکیان خۆی لەوی دیکە بە بەرز و بەڕێزتر نەزانێت، بەڵام بەداخەوە مامۆستا لە پۆلدا وەك شتێکی گەورەتر، زاناتر و دواجار بەڕێزتر تەماشا دەکرێت لە قوتابخانەدا ! هەر بۆیە بەردەوام مامۆستا فەرمان دەردەکات، ئامۆژگاری دەکات، بەڵام گفتوگۆ ناکات. یەکێك لە وانەکانمان دەربارەی سیاسەتی دەرەکی ئۆباما بوو، کە پرۆفیسۆرێك پێی وتینەوە، ئەو پرۆفیسۆرە پیاوێکی بەتەمەن بوو، بەتەمەنتر لە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە تا ئێستا وانەیان پێ وتوومەتەوە، بەڵام یەکەم قسەی ئەوە بوو کە ئەو نەهاتووە وتار پێشکەش بکات، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات، هەر ئاوایش بوو، هەموو وانەکەمان بە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام بردە سەر. پرۆفیسۆرەکان هێندە جەختیان لەسەر گرنگی گفتوگۆ و پرسیارکردن دەکردەوە، کە پێشبڕکێمان دەکرد بۆ ئەوەی پرسیار بکەین، بەڵام لە پۆلەکانی ئێمەدا نەك پرسیار هان نادرێت، بەڵکو سەرکوت ئەکرێت و پرسیار بە نیشانەی تێنەگەیشتن و نەزانین دائەنرێت. لەوێ وەکو نوکتەیەك گێڕامەوە بۆ یەکێك لە مامۆستاکانم، پێم وت کە لەلای ئێمە مامۆستا ئەپرسێت کەس پرسیاری نییە؟ ئەگەر دەست هەڵبڕیت و پرسیار بکەیت، لێت تووڕە دەبێت و دەڵێت بۆ گوێت لێ نەگرتم، کە من قسەم ئەکرد ؟!

ئەم نەبوونی گفتوگۆیە کاریگەرییەکی ڕەوانی مەترسیداری هەیە لەسەرمان، چونکە قسەترسێنمان دەکات و ئیتر جورئەت ناکەین وەك کائینێکی بیرکەرەوە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆمان بکەین. ئەمەیش وەکو نەخۆشییەکی ساری بەناو هەموو دامودەزگاکانی دیکەدا بڵاو بووەتەوە. لە مزگەوتەکاندا گفتوگۆ ونە. مامۆستایەکی ئایینی نابینیت کە گفتوگۆ لەگەڵ هاوئایینەکانیدا بکات، بەڵکو بەردەوام لە هەموو پێکگەیشتنێکدا ئامۆژگاری دەکات، وەعز دەکات و فەرمان دەدات. کەسانی دیندار لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستیان بە فێربوونی هونەری مونازەرە هەیە، چونکە وەك مامۆستا (ناصری سوبحانی) دەڵێت "بۆ کەسێك کە بیەوێت ئیقامەی حوججە بکات، ئەبێت پێش هەموو شتێك لە هونەر و ئوسلوبی مونازەرە گەیشتبێت و، بچووکترین هەڵە لەو بوارەدا وا دەکات تەواوی پرۆسەکە پووچەڵ ببێتەوە". بە هەمان شێوە کەسانی ئیداری بەردەوام بە زمانی ئیداری بکە و مەکە قسە دەکەن و ناتوانن لەگەڵ هاووڵاتیاندا گفتوگۆ ساز بدەن. هەر بۆیە بەردەوام دوورییەك هەیە لەنێوان خەڵك و ئیدارەدا.

بەشێکی نەبوونی گفتوگۆ پەیوەستە بە نەزانینی هونەری گفتوگۆوە، کە ئەوەیش کارەساتێکی دیکەیە و سەرچاوەی یەکەمی کێشەکەیش هەر لە سیستەمی خوێندندایە. ئەمەیش وایکردووە کە لە هەر دانیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەیەکماندا لە جێی گفتوگۆ، جوێن بدەین و لەجێی مونازەرە شەڕ بکەین. بێگومان کێشەیەك نییە لەوەدا کە گفتوگۆکان گەرم بن و بە حەماسی ئەنجام بدرێن، کێشەکە لەوەدایە کە دەنگی لۆجیك ون ببێت و لە جێی گفتوگۆ ببێتە شەڕە قسە. گەورەترین نەهامەتیش لەوەدایە کە نوخبەی ڕۆشنبیری کوردی لە بورجە عاجی و ژێرزەمینە قوڕینەکاندا خۆیان حەشار داوە و گفتوگۆ ناکەن. تەنانەت بەشێکیان نموونەیەکی خراپی گفتوگۆیان خستە ڕوو. گەورەترین نموونەی گفتوگۆ کە لە مێژووی نووسینی کوردیدا ڕوویدابێت، ئەو گفتوگۆ فەلسەفییە بوو کە لەنێوان هەریەکە لە (بەختیار عەلی) و (فاروق ڕەفیق)دا ڕوویدا. ئەگەرچی ئەوان شەڕی فیکر و قەڵەمیان دەکرد، بەڵام ئێمەی خوێنەر چێژمان دەبینی. بەداخەوە لە کۆتاییدا بابەتەکە کرایە شتێکی شەخسی و بە سوڵحی عەشایەری چارە کرا !

ئەگەرچی بۆ کۆمەڵگایەك کە زمانی گفتوگۆی نەگرتووە و هێشتا گوێی نەکردووە و پێش ئەوەیش هونەری گفتوگۆی نەخوێندووە، زۆر زەحمەتە دەستبەجێ دەست بە گفتوگۆی تەندروست بکات، بەڵام هێشتا وادەزانم کە بوونی گفتوگۆی توند و بگرە ناتەندروستیش باشترە لە نەبوونی. ئیرادەیەکی سیاسی هۆشیار دەبێت سیستەمێکی خوێندنی هاندەری گفتوگۆ و بیرکردنەوە بەرهەم بێنێت. لە ئێستاشدا دەبێت مەیدانی گفتوگۆ فەلسەفی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان گەرم بکرێن و یانە و دەزگای تایبەت بەو بوارە دابمەزرێنرێن.